شوبهەی حەڤدەهەم

دەڵێن: ئیمە دەڵـێین: (لا اله الا الله،محمد رسول الله)، وە دەڵـێین تـەنها خـوا پەرسـتراوو (ئیلاهــە). وە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) و پیاوچاكان و فریشـەتەكان هیچیـان پەرسـتراو (ئـیلاه) نـین، وە هــەموویان بەندەی خوان. بەڵام موشریكەكان ڕازی نەبوون بڵێن: (لا اله الا الله، محمد رســول الله) وە باوەڕیـان وابـوو لەگەڵ خوا پەرستراو ئیلاهی تریش هەن و، دەیان پەرستن. وە عیساو عوزەیرو پیاوچاكان و فریشـتەكانیان بە پەرستراو (آله) دادەنان.

كەواتە چۆن دەبێت ئێمە وەكو ئەوان بەموشریك حیساب بكرێین، تـەنها لەبەرئـەوەی هـاوار دەكەینـە پێغەمبەران (علـیهم الصـلاة والسـلام) و پیاوچـاكان و بەوەسـیلەیان دادەنـێین كـە ببنـە واسـیتەمان و لای خـوا شەفاعەتمان بۆ بكەن ؟!

وەڵامی ئەم شوبهەیەش

بە پشتیوانی خوا دەڵێم:

ئیعتیقادو كردەوە حیسابە، نەك دەعواو قسەی ڕووتی بێ بەڵگە. وە پەروەردگار سەیری ئیعتیقادی نـاو دڵ و، عەمەل دەكات، نەك دەعوای بێ بەڵگەو شاهید.

بۆ نمونە مونافیقەكان بە دەم دەیـان وت: أشهد أن لا اله الا الله وأشهد أن محمداً رسول الله، بـەڵام لـە دڵدا ئیعتیقادیان بەوە نەبو كە تەنها (الله) بپەرسترێت و محمدیش ﷺ نێرراوی خوا بێت؛ بۆیە پـەروەردگار حیسابی ئیعتیقادی ناو دڵی بۆ كردن، نەك دەعوای زمان جا لەبەر ئەوە پەروەردگار فەرمووی مونافقەكان درۆ دەكەن لە شاهیدی دانەكەیان، واتە هەرچەندە قسەكەیان ڕاستە كە دەڵێن (محمد رسول الله)، بەڵام لە دڵدا درۆ دەكەن و باوەڕیان بەم قسەیە نیەو ناو دڵیش حیسابە بۆیە فەرمووی:

﴿ إذا جاءكَ المنافقون قالوا: نشهد انّك لَرَسولُ الله، والله يعلم انّك لَرَسولهُ، والله يشهد إنّ المنافقين لكاذبون﴾ المنافقون (١) .

واتە ئەگەر مونافیقەكان هاتنە لات و وتیان شـاهیدی دەدەیـن كـە محمـد ڕەسـولی خوایـە، ـ وە خـوا دەزانێت كە تۆ ڕەسولی ئەویت ـ بەڵام خواش شاهیدی دەدات كەمونافیقەكان درۆدەكەن !!.

كەواتە پەروەردگار حیسابی ئیعتیقادی درۆی ناو دڵەكانی كرد، نەك قسە ڕاستەكەی دەمیان.

بۆیە بە بڕواداری دانەنان هەرچەندە شاهیدیەكەشیان نیشانەی موسڵمان بوونە !!

وە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وقالوا لن يدخل الجنّة إلا من كان هُودا أو نصارى، تلك أمانيُّهم. قل هاتوا بُرهانكم إن كنتم صادقين، بلى مَن أسلمَ وجهَهُ لله وهو مُحسنٌ فلهُ أجرهُ عند ربه ولا خوفٌ عليهم ولا هم يحزنون ﴾ البقرة (١١١، ١١٢).

واتە جولەكەو گاورەكان دەيان وت كەس ناچێتە بەهەشتەوە تەنها ئەو كەسە نەبێت كە جولەكـە بێـت يان گاور!!

بەڵام ئەوە تەنها گومان و ئاواتى خۆيان بوو بێ بەڵگە بۆيە پەروەردگار فەرمانى كرد بە پێغەمبەر ﷺ : بفەرموو: بەڵگەتان بهێنن لەسەر ئەم دەعوايەتان ئەگەر ڕاست دەكـەن چـونكە دەعـواى بـێ بەڵگـەو، قسەى بێ ئيعتيقادو عەمەل وەرناگيرێت !!

ئنجا پەروەردگار ڕوونى كردەوە كە كێ دەچێتە بەهەشت، بەبێ ترس و خەفەت: ﴿ من أسلم وجهــهُ لله وهو محسن ﴾ واتە ئەو كەسەى كە دوو مەرجى تێدا بێت:

يەكەم: تەواو خۆى تەسليمى خوا كردووە بەدڵ و زمان و لاشە بە ئيعتيقادو قسەو كردەوە تـەنها خـوا دەپەرستێت و، بەس تەسليمى ئەو بووەو، <u>ئيعتيقادى بە كەسى تر نيە لە دڵداو</u>، <u>هاواريش ناكاتە غـەيرى خوا بە زمان</u> و، <u>زەليليش بۆ كەس نانوێنێت بە لاشە</u>.

دووەم: وەهەروەها ﴿ وهو محسن ﴾ واتە: لەگەڵ ئەم تەسليم بوونە تەواوەى بۆ خوا، عيبادەتەكانيشى بە چاكى دەكات وەك چۆن پێغەمبەر ﷺ ڕێى بۆ داناوەو نيشانى داوە.

كەواتە ئەو كەسە دەچێتە بەهەشت بێ غەم و بێ ترس كە:

(١) تەنها خوا بپەرستێت و تەسليمى ئەو بێت.

(٢) وە تەنها شوێن كەوتەى پێغەمبەريش ﷺ بێت لە خوا پەرستيداو، بە چاكى عيبادەتەكەى بكات .

وە هەركەسێك دەعواى چوونە بەهەشت بكات و، بـەم شـێوەيە نـەبێت كـە خـوا دەيـەوێت (واتــە دوو مەرجەكەى تێدا نەبێت) ئەو دەعوايەكەى بێ كەڵكەو قەبوڵ نيە.

وە ئێمەش ڕوو دەكەينە نەفام و گۆڕپەرستان و دەڵێين: ڕاستە بەدەم دەڵـێن: لا إله الا الله محمد رســـول الله) **بەڵام ئەم دوو ئايەتەتان بەسەردا تەتبيق دەبێت:**

١ . ﴿هُمْ لِلْكُفْرِ يَوْمَئِذٍ أَقْرَبُ مِنْهُمْ لِلْإِيمَانِ. <u>يَقُولُونَ بِأَفْوَاهِهِمْ مَا لَيْسَ فِي **قُلُوبِهِمْ**</u>. وَاللَّهُ أَعْلَمُ بِمَا يَكْتُمُونَ﴾ (آل عمـــران: مـــن الآية١٦٧)

واتە قسەيەك بەدەم دەڵێن كە لە دڵەكانياندا ئيعتيقاديان پێى نيە !!.

وە تەتبیق بوونی ئایەتەكە لەسەرتان لەوەدا دەردەكەوێت كە: واتای لا إله إلا الله كە بریتی‌یە لە: **هیچ پەرستراوێكی حەق نیە تەنها الله نەبێت.** واتاكەی ئەوە دەگەیەنێت كە **نابێت مرۆڤ هیچ جۆرە پەرستنێكی دڵ و زمان و لاشەو ماڵ، بۆغەیری خوا بكات.**

بەڵام ئێوە پڕ **بەزمانتان** هاواریان دەكەنێ و، **بەلاشەش** زەلیلیان بۆ دەنوێنن و سەریان بۆ شۆڕدەكەن و، بە **ماڵیش** سەربڕین و قوربانی و نەزریان بۆ دەكەن.

وە لە **دڵەكانیشتاندا** ئیعتیقادتان وایە كەـ جەناب و حەزرەتی[1] شێخ لە دووریشەوە بێت، یان لە ژێر گڵیش ـ ئاگادارەو، دەسەڵات و توانای هەیەو، سودو زیانی بەدەستەو، لێی دەترسن و، لە سنوری خۆی زیاتر بە گەورەی دادەنێن و، دڵتان پێوە بەستووەو، ڕەجای خێرو سودو شەفاعەت كردن و، واسیتە بۆكردنی لێ دەكەن و، پشتی پێ دەبەستن و، خۆشتان دەوێت وەك خۆشویستنی خوا.

وە هەركەسێك غەیری خوا ئەم ئیعتیقادەت پێی بێت و، دڵت ئاوا پێوەی پەیوەست بێت، ئەوە بە ئیلاهت داناوە لە هەقیقەت و واقیعدا. ئەگەر بەزمانیش نەڵێیت ئیلاهە؛ چونكە **ئیلاه ئەوەیە كە: دڵەكان پێوەی بەندن و خۆشیان دەوێت و بەگەورەی دادەنێن و لێی دەترسن و ڕەجاو هیوایان پێیەتی و پشتی پێ دەبەستن.**

ئەمەیە مانای ئیلاه لەزمانی عەرەبیدا، جا كە ئەم مانایە هەبوو لەهەر شتێكدا، ئەوە بە ئیلاه دانراوە؛ ناو بنرێت ئیلاه یان نا؛ چونكە ناو ناوەرۆك ناگۆڕێت و، حیسابیش بۆ ناوەرۆكەكەیە نەك بۆ ناو. بۆ نمونە كەسێك عەرەق بخواتەوەو ناوی بنێت خواردنەوەی ڕۆحی، پێی دەڵێین: تۆ عەرەقی حەرامت خواردۆتەوە؛ با ناوەكەشی عەرەق نەبێت !!.

بەهەمان شێوەش هەر یەكێك كە خەڵكی ئیعتیقادیان پێی بێت، وە دڵیان پێوەی بەند بێت بەترس و خۆش ویستن و بەگەورە دانان و، پشت پێ‌بەستن و، ڕەجا لێ كردن؛ ئەوە بەئیلاهیان داناوەو، كراوە بە(مەعبود) و پەرستراوەو، كراوەتە شەریكی خوا، با ناوی ئیلاهیشی لێ نەنێن. یا هەر ناوێكی تریشی لێ بنێن، وە با پێغەمبەریش بێت و پێشی بڵێن: (عَبْدُالله و رَسُوله) واتە: عەبدی خواو نێرراوی خوا؛ چونكە ئیعتیقادو بیروباوەڕی ناو دڵیان حەقی ئیلاهیەتی داوەتێ، ئەگەر خۆیشی وا نەزانێت و، بە دەمیش بە ئیلاه ناوی نەنێت.

---

(1) زاراوەی(حەزرەت)، زاراوەیەكی هەڵەیەو، بۆ هیچ كەسێكی مردوو یا(غائب) بەكار ناهێنرێت؛ چونكە غەیری(الله) هیچ یەكێك بەردەوام حازر نی‌یە لەگەڵمان، بەڵكو هەردەم خوا حازرو زیندووە.

کەواتە دەرکەوت کە شەخس پەرستەکانی ئەمڕۆ پیاوچاکان و مردووی مەرقەدەکانیان کردووە بە (آلهة)، واتە چەند پەرستراوێك لەگەڵ خوا. ئەگەر واش بزانن تەنها الله ئیلاهو پەرستراوەو ناویشیان نەنێن ئیلاه؛ **چونکە بیروباوەڕی ناو دڵیان جیاوازە لە قسەی سەردەمیان**.

دەبینین حەقی ئیلاهیان داوەتە شێخەکان و پیاوچاکەکان:

* خۆشیان دەوێن بە زەلیلیەوە، وە بە گەورە دەسەڵاتیان دادەنێن و پشتیان پێ دەبەستن.وە لێیان دەترسن و ناوێرن درەختی وشك بووی شکاوی سەر قەبری شێخ دەستکاری بکەن لە ترسی شێخ، دەڵێن توشی زەرەر دەبین !!.

* وە ئیعتیقادیان نەك هەر بە خودی شێخ بێت بە تەنها، بەڵکو بە بەردو دارو پەڕۆی سەر قەبرەکەشی هەیەو، بە پیرۆزی دەزانن و، بە گەورەی دەزانن و، بڕوایان وایە لە نەخۆشی چاکیان دەکاتەوەو، لە بەڵا دەیان پارێزێت و، خێرو بەرەکەتیان تووش دەکات !!.

* وە سوێند بەخوا دەخۆن بە درۆ، بەبێ ترس و شەرم، بەڵام ناوێرن ئاوا سوێند بە سەری شێخ بخۆن!!. شەرم لە شێخ زیاتر دەکەن وەك لەخوا.

* فەرمانی شێخ لە پێشترە لایان لە فەرمانی خوا !!.

کەواتە لە ڕاستیدا **بیرباوەڕی دڵتان بە پەرستراوو ئیلاهیان دەزانێ**، ئەگەر خۆشتان وا نەزانن و بە دەمیش وانەڵێن. وە زانیشمان کە بیروباوەو حیسابە.

وە ئایەتی دووەم کە بەسەرتاندا تەتبیق دەبێت:

٢ـ ﴿ لِمَ تقولون مالا تفعلون كَبُرَ مَقْتًا عند الله أنْ تقولوا مالا تفعلون ﴾ (الصف: من الآية٣).

واتە: بۆچی قسەیەك دەکەن کە **بەکردەوە** نایکەن و، عەمەلی پێ ناکەن.

ئێمەش بە شەخس پەرستان دەڵێین: بۆچی بە دەم دەڵێن (لا إله الا الله، محمد رسول الله) وە دەڵێن تەنها خوا پەرستراوو ئیلاهەو، هیچ پەرستراوی تر نیە، وە دەڵێن ئێمە بەس خوا دەپەرستین. **بەڵام** کردەوە بە قسەکەتان ناکەن، بەڵکو بە پێچەوانەشەوە پەرستن بۆ غەیری خوا دەکەن، وە بە ئیعتیقادی دڵ و، کردەوەی لاشەو ماڵ و زمانیشتان جۆرەها پەرستن دەکەن بۆ پێغەمبەران (عليهم الصلاة والسلام) و پیاوچاکان و قەبرەکانیان و بۆ شێخەکانتان، بۆ نمونە:

* **هاواریان دەکەنێ**: وە هاوارکردن و دوا لێکردن عیبادەتە، وەك لە حەدیسی (صحیح)دا دەفەرموێت: ((الدعاءُ هو العبادة)).

* **سەربڕینیان بۆ دەکەن، کە سەر بڕین عیبادەتەو تەنها دەبێت بۆ خوا بکرێت. وەك پەروەردگار دەفەرموێت:** ﴿ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وانْحَرْ ﴾.

* **نەزریان بۆ دەکەن، کەنەزریشی عیبادەتە.**

* **داوای یارمەتیان لێ دەکەن، کە تەنها دەبێت لەخوا بکرێت:**
﴿ إيّاك نَعْبُدُ وإيّاك نَسْتعين﴾.

* **تەواف بە دەوری قەبرەکانیاندا دەکەن، کە تەواف وەك نوێژەو تەنها دەبێت بۆ خوا بکرێت لە دەوری (کەعبە)** ﴿ ولْيَطَّوفُوا بالبيتِ العتيق ﴾.

* **کرنوشیان بۆ دەبەن. وە دەست لەسەر دەست بە پێوە لە سەر سەریان ڕادەوەستن و، پاشەوپاش دەگەڕێنەوە دواوەو، زەلیلیان بۆ دەنوێنن. کە ئەمانەش هەموویان پەرستنن و تەنها دەبێ بۆ خوا بکرێن.**

کەواتە: بەکردەوە غەیری خوا دەپەرستن و، کردوتانن بە شەریکی خوا، هەرچەندە بەدەم دەڵێن تەنها خوا دەپەرستین و شەریکی بۆ دانانێین. وە لە وەیە واش نەزانن کە ئەمە شەریك دانانە بۆ خوا، چونکە زۆر نەفام و بێ ئاگان لە قورئان و حەدیس و زمانی عەرەبی!!، بۆیە ئەوەی بەدەم دەیڵێن و دەعوای دەکەن، بە کردەوە هەڵی دەوەشێننەوە !!.

کەواتە چ جیاوازیەکتان هەیە لەگەڵ موشریکەکان لەم ڕوانگەیەوە کە هەردوولاتان غەیری خوا دەپەرستن و شەریك بۆ خوا دادەنێن ؟!.

کە بڵێن ئێمە دەڵێین (لا إله الا الله) **و ئەوان دەڵێن** ﴿ أجعلَ الآلهة إلهاً واحداً ﴾.

ئێمەش دەڵێین: وەڵامان دانەوە کە ناوگۆڕین ناوەڕۆك ناگۆڕێت و، ئیعتیقادو کردەوە حیسابە نەك دەعوای بێ بەڵگەو شاهید.

بەڵێ جیاوازی هەیە لەنێوانتان لەقسەو دەعوا، بەڵام یەکسان وهاوشێوەن لەکردەوەو بیروباوەڕ. وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿كَذَلِكَ قَالَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِهِمْ مِثْلَ قَوْلِهِمْ تَشَابَهَتْ قُلُوبُهُمْ قَدْ بَيَّنَّا الْآيَاتِ لِقَوْمٍ يُوقِنُونَ﴾ (البقرة: من الآية١١٨)

وە هۆی جیاوازی دەعواو قسەتان لەوەدایە کە موشریکەکان عەرەبی ئەسڵ بوون، دەیان زانی ئیلاه یەعنی چی؛ بۆیە بە دەمیان قسەیەکیان نەدەکرد کە پێچەوانەی ئیعتیقادو بیروباوەڕو کردەوەیان بێت. بەڵام ئێوەی نەزانی نەفامی نەشارەزا بە زمانی عەرەبی بە دەم دەڵێن: (لا إله الا الله)**، بەڵام نازانن ماناکەی چییەو، ئەم قسەیە چی دەگرێتەوەو، ئەم قسەیە چ جۆرە ئیعتیقادو بیروباوەڕو کردەوەیەکی پێویستە، بۆیە**

زۆر بە سادەیی و بە ئاسانی بە کردەوەو بیروباوەڕ قسەکەتان هەڵدەوەشێننەوەو، خۆتان بە درۆ دەهێننەوە !!.

کەواتە: موشریکەکان دەیان زانی کە بڵێن(لا إله الا الله)، ئەوا دەبێ ئیعتیقادیان تەنها بەخوا بێت و، پشت بەو ببەسترێت و، ڕەجا لەو بکرێت و، تەنها هاوار بکرێتە ئەوو، داوای یارمەتی و فریاکەوتن و پەناگرتن تەنها لەو بکرێت و، قوربانی و نەزر تەنها بۆ ئەو بێت و، سوێند تەنها بەو بوخرێت و، تەنها ئەو بەگەورە دانرێت. وە غەیری ئەو نابێت ئەمانەی بۆ بکرێت و، نابێت ئەم باوەڕەت پێی بێت؛ جا ئا بەم شێویە تێ گەیشتبوون لە مەبەستی پێغەمبەر بە (لا إله الا الله)، بۆیە ڕازی نەدەبوون دانی پێدا بنێن و، دوور بکەونەوە لەهەموو ئەو شتانەی تر، کە ئیعتیقادیان پێیان بوو.

بەڵام ئێوەی نەفام، نازانن کە وشەی (لا إله الا الله) ئەمانەی پێشوو دەگرێتەوە، بۆیە بەدەم دەیڵێن و بەکردەوەش هەڵی دەوەشێننەوەو، لە دڵیشتاندا بیروباوەڕتان پێی نیە لە ڕاستیدا؛ بەڵام نەفامن، وە ناشزانن کە نازانن ، وە ناشتانەوێ بزانن!!.

کەواتە دوای وەڵام دانەوەی ئەو شوبهەیەش تێگەیشتین چ کاتێك مرۆڤ بە تەواوی دەبێتە موسڵمانێکی ڕاست .

وە زانیمان کە ئەگەر بەتەواوی وازی نەهێنابێت لە شیرك و بەڕاستیش باوەڕی بە مانای(لا إله إلاّ الله) نەبێت، ئەوە تەنها بە وتنی (لا إله إلاّ الله) نابێت بە موسڵمان بە ڕاستی، وە بەمە وازی لێ ناهێنرێت .